# ژن لەدیدی خێڵەوە

**نووسینی: حەمەفەریق حەسەن**

گەوی یەکەم



**پێشەکییەکی کورت:**

ئەم نووسینە تەنیا پاژێکە لەکتێبێکی درێژ؛ بەم زووانە بەرەورووی چاپخانەیەکی دەکەمەوە مافم نەفەوتێنێ. لەم دەرفەتەدا بەزنجیرە، تەنیا ئەو پاژەی کتێبەکەم بڵاودەکمەوە، کە بەڕوانینی تاکی خێڵەکییەوە بۆ ژن پەیوەستە. پێموایە تاکو نهۆ لەم جۆرە دیدە. لەلایەن هیچ نووسەرێکەوە نەخراوەتە ڕوو. یان هیچ نەبێ بەرچاوی بەندە نەکەوتووە. بۆیە ئەوەی سوودی لێدەبینێ دەبێ ئاماژەی پێبدات. خوێنەر گەلێک پرسی نەبیستراوی تێدا دەخوێنێتەوە. ڕەنگە هەندێ پێیان وابێ ورووژاندنی ئەم باس و خواسانە لەئۆرتی ئێمە، وەک میللەتیک کەمدەکاتەوە. بەڵام بەندە وەها بۆی ناچم. ئێمە ئەوەین، کە لێرەداو هەم لەتێکڕای کتێبەکەدا باسمکردووە. بەسەرێکی دی جەنگین لەدژی پاشڤەڕۆیی بەئەرکی سەرشانم دەزانم. پێموایە لەم گەردوونەدا گەلێک میللەت هەن وەک ئێمە هەڵسوکەوتیان کردووەو بگرە خراپتریش. بۆ ئەوی هەر دیاردەیەکی دزێو بنبڕبکەیت، دەبێ بەردەوام لەسەری بنووسی. گرنگ ئەوەیە ئەو قۆناغەی باسیدەکەم تێپەڕێنین..

وەکیدی بەندە بۆئەوە ئەم کتێبەم نەنووسیوە تاکو وەک پارێزەری مافی ژنان بناسرێم. بەڵکو بڕوام وایە زۆربەی ئەو پیاوانەی بەدەمگەرمییەوە لەسەر مەسەلەی ئافرەت هەڵدەدەنێ، درۆدەکەن. ژن دەبێ خۆی داوای مافی خۆی بکاو بیسەنێ. ئێستا ژمارەیەک ژنەکوردی ئازاو ڕووناکبیر لەم بوارەدا کاران. بڕوام وایە ئەو خانمانە جێی ئومێدن. پرسی ژنیش تەواو وەک پرسی کورد بەگشتیی وایە. دەبێ کورد خۆی دەستەبەری بکات و پرسیش بە عارەب و تورک و فارس و ئەمریکاش نەکات. ئەوەندە هەیە یەکێک لەپاژەکانی کتێبەکەم لەسەر ئەم پرسەیەو ڕۆژی ژنانیش وا دەگاتە بەرەوە. لەکۆتایی کتێبەکەمدا بەڕوونی و بەدرێژیی دەسنیشانی سەرچاوەکانم کردووە.. فەرموون.

**مێژوویەک لەگریان و خۆرنینەوە**

لە درێژایی ئەم زنجیرە باسەدا چەند جارێک لە گۆشەنیگای خێڵەوە، بەلای ئافرەتدا لامان کردەوە. وەلێ لێرەبەدواوە هەوڵ دەدەم هیچکام لەو سەرنجانە دووبارە نەکەمەوە.. دەستپێک ئەگەر بەگشتی و بەچڕیی باسی مێژووی ژنی کورد بکەم، ئەوا دەڵێم: لەو سۆنگەیەوە، کە ژنی جەنگاوەری خێڵ بووەو پیاوەکەی هەردەم لەبەردەم ئەگەری جەنگی لەناکاوی بێ پلان و نەخشەدا بووە. جەنگێک، کە هەندێ جاران ئەم بەئاواتی نەخواستووە. لەسەرو تواناو تاقەتی خێڵ و ماڵکاولکەر بووە. واتە هەرجارێک پیاوی خێڵەکیی لەماڵی یان لەڕەشماڵی خۆی دەرچووبێ، ئەوا لەبەردەم ئەگەری ئەوەدا بووە نەگەڕێتەوەو بەیەکجاریی سەر بەداوە نەهێنێ. بۆیە لێرەوە دەکرێ بڵێم؛ مێژووی ژن، مێژوویەکی لێوانلێوە لە گریان و خۆرنینەوەو خۆراژەندنی دەم شین و شەپۆڕ. مێژووی پۆشینی بەرگی ڕەش و شینی پرسەو بەسەرداداني سەرپۆشی بەهیدارییە. تووک و دوعای هەرە خراپی ژنیش دەرهەق ژنێکی دیکە ئەوەیە، پێیبڵێ: ((سەرت شین کەی))

ژنی کورد لە درێژایی دیرۆکدا بەهۆی مەرگی پێشوادەی باب و مێردو ڕۆڵەکانیوە، لە جەنگی درێژخایەن و خوێناویی ناوخۆی خێڵە کوردە لەگەڵ یەک ناتەباکاندا بەلایەک و جەنگی بەناچاریی بەرتەکدانەوەی شالاوی دڕندانەی دراوسێ نەفام و ملهوڕەکانی بەلایەکی تردا هەردەم دڵی لەمستیدا بووە. یانژی لە ئەنجامی ئەو جەنگانەی کورد بەردەوام بە بریکاریی لە جیاتی داگیرکەرانی کوردستان، بۆ پایەداربوونی دەستەڵاتی ئەوان کردوویەتی، هەردەم کۆڕی پرسەو شینی ژنی کورد بۆ ئازیزانی خۆی گەرم بووە. سەریان بەدەم هەنسکەوە هەڵکەندراوە. ئەوان بەدرێژایی تەمەنی خۆیان ئەوەندەی بۆ شینگێڕان کۆبوونەتوە نیو ئەوەندە بۆ شادی و خۆشی کۆنەبوونەتەوە. ئەوەندەی جلکی ڕەشیان پۆشیوە، دەیەکی ئەوە بەرگی ئاڵ و والایان لەبەرنەکردووە. ئەوەندەی گریاون دەیەکی ئەوە بەقاقا پێنەکەنیون.

گریانی بەکۆمەڵ و سینگ کوتان و چێکردنی کۆتەڵ بۆ هاوسەرو براو کوڕو گەورەپیاوی بنەماڵەو خێڵ و تایەفە بۆتە پیشەیان و وەک سێبەر بەشوێنیانەوە بووە. چەندین ژنی سەردولکەبێژی دەنگخۆش هەبوون و تاکو ئێستاش هەن، کارو پیشەیان بریتییە لە هەڵبەستنی بەیت و ئاوازی پەسندان بەسەر شەهیدو لاواندنەوەی کوژراوان. ئەم ژنانە تەنیا لە پرسەدا بەسەرکراونەتەوە، کۆڕی شین و ماتەمیان پێ گەرمکراوە.

ژنی کورد هەردەم لە چاوەڕوانی بێهوودەدا بووە.. بۆ ئەو سەدان هەزار لاوەی لەجەنگی ناڕەوای تورکی عوسمانلی و نەیارانیدا، کەبە (سەرفەربەر) ناسرابوو، شتاقیان لێ نەگەڕایەوە، گریاوە. لە کۆڕی پرسەی نهێنیی شەهیدانی شۆڕشی نوێدا گریاوە. لەڕاستیدا شینگێڕان کارێکی ژنانەی دەستەجەمعییە و پیاو تێیدا بەشدار نییە. چونکە لەدیدی خێڵەوە گریان بۆ پیاو نەهاتووە.

زۆربەی ئەدیبانی ئەم سەردەمەی کوردیش هەر بەم شێوەیە ژن دەبینن و لە ئەدەبیاتی خۆیاندا وێنەی دەکێشن. ئەوان وەک سیمبوڵی خاک و نیشتمان بەگشتی ژن وێنەدەکێشن. وەک چۆن خاک بۆ بژێویی ئادەمزاد سەرچاوەی ژیان و بەرهەمە، ژنیش بەوشێوەیە سەرچاوەی ژیانە. ڕۆڵە بۆ کوردستان بەرهەمدێنێ و ڕۆڵەکانیش لەو پێناوەدا شەهید دەبن. ژنیش وەک نیشتمان بەشخوراوو ڕەشپۆشە.

لەسەدەکانی ڕابردوودا گەلێ جاران ڕوویداوە ژنی کورد ڕۆڵی کارا ببینێ. هەندێ لەژنی خان و میران، هاوشانی مێردەکانیان لێوەشاوەبوون. توانیوایانە بەوێنەی ئەوان، یان لەوانیش کاراتر ڕۆڵ ببینن. لەسەردەمی خۆیاندا ڕۆشناییان لەسەربووە. وەک عادیلەخانمی ژنی وەسمان پاشای جاف و حەپسەخانی نەقیب. هەیانە دوای مردن و کوژرانی میرەکان توانیوایانە جێی ئەوان پڕبکەنەوە، وەک خانزادی میری سۆران.

جوانترین و گەشترین بڕگەیەک لە گەشتنامەکەی خاتو ڕیچدا، کە لەتەک میستەر ڕیچی مێردیایەتی و لەبەغداوە بەرەو شاری سلێمانی دەچێت و گەیشتۆتە دەوروبەری کفری، ئەمەیە: (( چاوەڕوانیش دەکرا دایکی مەحموود پاشای سلێمانی، سبەینێ بگاتە ئێرە، کە بۆ بەغدا دەچێت. دەڵێن بۆ وتوویژ لەگەڵ داود پاشا، دەربارەی ئاشتیی نێوان هەردوولا، عوسمان بەگی کوڕە بچکۆلەیشی تا سەر سنووری تورکی لەگەڵی دێت... گەشتنامەی ڕیچ ل/329)) واتە خێزانی ئەورەحمان پاشای بابان کە دەکاتە دایکی میری سەردەمی گەشتەکە (مەحموود پاشا) ئەوەندە کارامەو زاناو شارەزای کاروباری دەوڵەت و پێوەندییەکان بووە، میر پیایدا ڕاپەرمووە، بۆ دانوستان بۆ بەغدای بنێرێ! وەلێ بەداخەوە میرنشینی بێ تۆمارو مێژوو، هیچی وەهای سەبارەت بەم ژنە سەنگین و دیبۆلماتە بۆ تۆمار نەکردووین.

بەڵام ئەم دۆخە نەبۆتە دەستوور. لەڕاستیدا ئەو ژنانە بەو سیفەتە حوکمیان نەکردووە، کە ژن بوون، یان خەڵک پێیان خۆش بووبێ ژنێک سەرەوکاریان بکات تا پیاو. یاخود دیاردەکە لە ڕوانگەی بەرابەریی ژن و پیاوەوە سەرچاوەی گرتبێ. بەڵکو ئەوانە درێژە پێدانی مێردو براو باوکە میرەکانیان بوون و بەناوی ئەوانەوە خوڕیویانە.

هیچ کام لەو ژنانە لەسەردەمی خۆیاندا پشتیوانییان لە بەرابەریی ژن و پیاو نەکردووە. بەگشتی لەئازارو مەینەتییەکانی ژنی کوردیان کەم نەکردووە و هیچی نوێیان بۆ ژنی کورد پێنەبووە. بەڵکو دەکرێ بڵێم ئەو ژنانە خۆیان پیاواندووە! واتە وەک پیاو دەستەڵاتیان پیادەکردووە، نەک وەک ژن. ئەم دۆخە کارێکی کردووە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، لەچاو ژنانی گەلانی دراوسیدا، ڕۆڵی ژنی کورد ئەرێیانەتر بنرخێنن. بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین، بە بەراورد لەگەڵ ئێستای سەردەمی گلوبالیزمدا ژنی کورد لەکۆندا ئازادتر بووە. ئەو حەلە نەڕەوتی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ لەئارادا بووە تاکو بەزەبری کوشتن و برین ژن بخزێنێتە کونی ژوورەوە ڕوخساری لەچکپۆش بکات. نەخان و میرەکانیش لەوە ترساون ژنان بەڕەکەیان لەژێر بێ دەربێنن.
زۆربەی ئەو گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسانەی سەردانی کوردستانیان کردووە و بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوە، ڕەوشی ئافرەتی کوردیان بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتی فارس و تورک و عارەبدا، بەرزتر و پێشکەوتووتر و ئازادتر نرخاندووە. ئەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئافرەتی کورد ڕووبەند ناگرنەوە ئازاد لەماڵ دەردەچن و تێکەڵ بەکۆڕو کۆمەڵی پیاوان دەبن. هەندێ کارو فرمان ڕادەپەڕێنن، کە لەبنەڕەتدا ئەرکی سەرشانی پیاوانن.. ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام تەنیا بۆ ڕووکەش بوون. ئەوسا کاری تاقەتپڕووکێن بەژن کراوە و نهۆش پێیاندەکرێ. دەنا لە ناوەرۆکدا، پیاوو ژن لەمافەکاندا بەرابەر نەبوون.
مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبە بەنامێکەی خۆیدا (عادات و ڕسوماتنامەی أکرادیە) بەم شێوەیە بەراورد لەنێوان ژنی خێڵ و ژنی شارشتاندا دەکات: (( ژنانی کورد تاقانەی چاخی خۆیانن، ڕۆڵی ژن و کارەکەرو زێرەڤان و جەنگاوەر دەبینن، کە لەجەنگەکاندا بەرگری لەزێد دەکەن؛ لەکاتێکدا ژنانی شارستان بێجگە لەڕۆڵی خۆیان وەک مێینە هیچی دیکە نازانن..))
خودی میستەر ڕیچ کە ئەرێیانە باس لەڕۆڵی ئافرەتی ژێر سایەی میرنشینی بابان دەکات، لەجێیەکی دیکەدا نووسیوێتی: (( بەڵام هەندێ میرو دەسەڵاتداری بەهێزو سەرەڕۆی کورد، جۆرە توندو تیژییەک دەنوێنن، کە لەتورکیا مل بۆ ئەو جۆرە شتانە نادەن، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێکی ئەو چینە دەسەڵاتدارە، کچێکی خۆشویست، دایک و باوکی ناچارو ڕازی دەکات بیدەنێ. چونکە ترسی پابەندییان بەئاییناوە، نایەڵێت بەڕێگایەکی تر بیخوازێت. کە لێشی تێرو بێزار دەبێ، تەڵاقی دەدات و لەنۆکەرێکی خۆی مارەدەکات. بەتایبەتیش لادێیە کلۆڵەکان تووشی ئەم جۆرە چەوساندنەوەیە دێن. لەم بنەماڵەیەدا عوسمان بەگ تاقە کەسێکە خلیسکاوەتە ناو ئەم جۆرە تاوانەوە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی لەجەنگدا بەتاڵان دەبرێن، کە زۆربەیان یەزیدین یان هی ناوچەکانی تری کوردستانن، لە ماڵەکاندا دەکرێن بەکەنیزەک.. گەشتنامەی ڕیچ، ل/262))... ماوێتی، بەرەو گەوی دووەم